# sبەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان وپەیوەندی بە ڕەفتاری ئەرێنییەوە لای منداڵانی باخچە (حکومی و ناحکومی) لەڕوانگەی مامۆستایانەوە لە شاری سلێمانی

**ڤیان احمد محمد**
Viyan.mohammed@univsul.edu.iq
کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی, زانکۆی سلێمانی
بەشی باخچەی منداڵان

**پ.د.حسن فخرالدين خالد**
hassan.khallid@univsul.edu.iq
زانکۆی سلێمانی,کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی
بەشی باخچەی منداڵان

**بەرواری وەرگرتنی توێژینەوە: ٢٠٢٥/٧/٢٩**    **بەرواری وەرگرتنی ڕەزامەندی بڵاوکردنەوە: ٢٠٢٥/٨/٧**

**پوختەی توێژینەوەکە**

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە، بریتییە لە زانینی ئاستی بەکارهێنانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان و پەیوەندی بەڕەفتاری ئەرێنییەوە لای منداڵانی باخچە لەڕوانگەی مامۆستایانەوە بەپێی کاتژمێری بەکارهێنان ، جیاوازی باخچەی (حکومی و ناحکومی) ، توێژەر(میتۆدی وەسفی)بەکارهێناوە،کۆمەڵگەی توێژینەوەکە پێکهاتووە لە سەرجەم مامۆستایانی باخچە حکومی و ناحکومییەکانی شاری سلێمانی بۆ ساڵی خوێندنی ٢٠٢٤-٢٠٢٥ کە بەردەوامن لەکارکردن و ژمارەیان (١٤٠٨) مامۆستایە، (١٥٦) مامۆستا لەڕەگەزی نێر و (١٢٥٢) مامۆستا لەڕەگەزی مێ، نموونەی توێژینەوەکە (٤٥٤) مامۆستای لەهەردوو ڕەگەز، بە شێوەی هەڕەمەکی سادەیە هەڵبژێر دراوە، ئەو ئامڕازەی بەکارهاتووە، بریتییە لە پێوەری (بەکارهێنانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان و پەیوەندی بەڕەفتاری ئەرێنییەوە) لە گرنگترین ئەو ئامڕازە ئامارییانە کە بەکارهاتووە بریتییەلە (پڕۆگرامی (SPSS) ڤێرژنی (٢٥) ،هاوکۆلکەی پەیوەندی پێرسۆن و ڕاستگۆی بونیادنان و دۆزینەوەی پەیوەندی نێوان گۆڕاوەکان ،ئەلفای کرۆنباغ (Cronbach’s Alpha) ، (Independent Sample T-Test) تاقیکردنەوەی (t) تائی (Independent Sample T-Test)، تاقیکردنەوەی (t) بۆیەك نموونە (One Sample T-Test) ، بەکارهێنانی هاوکێشەی ئەنۆڤا (One way ANOVA).توێژەر ئامڕازی ڕاپرسی بەکار هێنا بۆ کۆکردنەوەی داتاو زانیاریاکان کە پێک هاتبوولە (٤٥)بڕگە.لە ئەنجامدا دەرکەوت: بەکارهێنانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان و پەیوەندی بەڕەفتاری ئەرێنییەوە لای منداڵانی باخچە لەڕوانگەی مامۆستایانەوە بەپێی بەکارهێنانی(١ -٣) کاتژمێر لە ئاستێکی باشدایە، بوونی جیاوازی ئاماری لە ئاستی بەکارهێنانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان و پەیوەندی بەڕەفتاری ئەرێنییەوە بەپێی گۆڕاوەی جۆری باخچە. بەکارهێنانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان و پەیوەندی بەڕەفتاری ئەرێنییەوە لای منداڵانی باخچە لەڕوانگەی مامۆستایانەوە بەپێی بەکارهێنانی(٤ - ٦) کاتژمێر لە ئاستێکی نزمدایە.

**کلیلە وشە**:تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان ،ڕەفتاری ئەرێنی ، باخچەی منداڵان، منداڵی باخچە ، منداڵ

## بەشی یەکەم
## چوارچێوەی گشتی توێژینەوەکە

### ١.١ کێشەی توێژینەوە

سەرەتای ئەم سەدەیە جیهان هەنگاوێکی گەورەی نا لە سەرجەم بوارەکانی ژیان، بەشێوەیەک کە ڕۆژانە شتی نوێ و داهێنانی جۆراوجۆر لە بوارە جیاوازەکاندا دەبینرێت.ڕەنگە زیادەڕەوی نەبێت بڵێین سەردەمی ئێستای مرۆڤایەتی بەقۆناغی شۆڕشی زانیاری ناوزەند دەکەن،ئەو داهێنان و گۆڕانکاریانە بواری پەروەردەشی گرتۆتەوە،ئەمەش لە سەرکۆمەڵگەکانی پێویست کردوە سیستمێکی پەروەردەی نوێ وگونجاو پەیرەو بکەن کەهاوشانی ئەوگۆڕانکاریانە ڕێبکات،بۆیە دەوڵەتانی پێشکەوتوو لە پێشبرکێدان گەشەبەسیستمی پەروەردەییان بدەن بەشێوەیەکی گشتگیر کەسەرجەم پێکهێنەرەکانی پەروەردە لە خۆبگرێت،سەرکەوتنی پرۆسەی پەروەردەش دەکەوێتەسەر ژمارەیەک ڕەگەزو پێکهێنەر ،خوێندنی گونجاو، ئامرازی فێرکاری نوێ،بەڕێوەبردنی سەرکەوتوو، خوێندنگەی شیاو ،لەوپێکهێنەرانەن کەڕۆڵی بەرچاودەبینن لەسەرخستنی پەروەردە (سیوەیلی،٢٠١٤: ٥).

بیرکردنەوە لای مرۆڤ ئەگەرچی بەڕواڵەت و لەسەر زارشتێکی ئاساییە لەناو کاسەی سەر بەڵام لەڕوی کارو مەعنەویەتەوە گەورەترە لەوەی بەخەیاڵدابێت،بیرو بیرکردنەوە جڵەوی هەموو پێش هات و ڕوودا و سەرکە و تن و شکستەکان دەگرێتەدەست بیرکردنەوە دەمانبات بەرە و بەختەوەری بێسنورگەربمانەوێت،دەشمانبات بەرەو شکست و بێئومێدی گەر بە باشی بەکاری نەهێنین.لە وجودی ئەم مرۆڤەدا بیرێک هەیە بزوێنەری تەنی جەستە و هەموو ئاکار و ڕەفتار و باشە و خراپەکانیەتی،کەواتە تاچەندمرۆڤ بیرکردنەوەی باش و پۆزەتیڤبێت ئەوا زیاتر لەسەرکەوتن و خۆشبەختی و چالاکی و لەشساخییەوە نزیک دەبێتەوە (فەقێ،٢٠١٠: ١٢)

لە ڕێگەی سەرنجدان و بەدواداچوون مامۆستایەنی باخچەی منداڵان دەتوانن تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان وەک ئامرازێک بۆ پەرەپێدانی هەڵسوکەوتی ئەرێنی تێبگەن و جێبەجێی بکەن. تێگەیشتن لە تێروانینی پەروەردەکاران سەبارەت بە رۆڵی تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان، هاوسۆزی و ڕێکخستنی سۆزداری لە نێوان منداڵاندا گرنگە بۆ پەرەپێدانی ستراتیژی کاریگەر کە تەکنەلۆژیا بە شێوەیەکی بنیاتنەرو بە سوود بۆ قۆناغی باخچە دەرەخسێنێت. ئامانجی ئەم توێژینەوەیە پرکردنەوەی ئەم بۆشاییەیە لە ڕێگەی لێکۆڵینەوە لە تێروانینی مامۆستایانی باخچەی منداڵان سەبارەت بە کاریگەرییە ئەرێنییەکانی تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان لەسەر هەڵسوکەوتی منداڵەکان و دۆزینەوەی ئەو ستراتیجیانەی بەکاری دەهێنن بۆ تێکەڵکردنی ئەم پلاتفۆڕمانە لە کردارەکانی فێرکردنیان و ئامادەکردنیان بۆ قۆناغەکانی تری ژیان.منداڵ تەمەنێکی دیاریکراوی هەیە کە بەردەوام لاشە و هزری(فکری) گەشە دەکات، تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان دەتوانێت یارمەتی هزری منداڵ بدات ئەگەر بە وریایی بەکاربهێندرێت.

لێرەوە دەکرێت ئاماژە بەوە بکرێت و بپرسین ئایا تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان ڕۆڵی هەبووە لە بەهێزکردنی ڕەفتارە ئەرێنیەکانی منداڵاندا زیاتر گرنگ دەبێت وە توێژەر هەوڵدەدات بە ڕێکارێکی زانستی توێژینەوەیەک ئەنجام بدات بۆ دۆزینەوەی پەیوەندی لە نێوان بەکارهێنانی تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان و ڕەفتارە ئەرێنییەکانی منداڵان لە باخچەکاندا، کە بووەتە جێگەی سەرنج و بۆچوونی پەروەردەکاران لە بارەیەوە هەنگاوی زیاتر دەنرێت بۆ تێکەڵبوونی تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان لە بوارەکانی ژیان بە گشتی و

sjh@univsul.edu.iq

پەروەردەش بە تایبەتی ,ژمارەیەکی زۆر لە پەروەردەکاران لە پەروەردەی منداڵی سەرەتایی دەناسنەوە بەتایبەتی لە شێوەی هەڵسوکەوت و کارلێکە کۆمەڵایەتیەکانی منداڵانی باخچەی منداڵان لە کاتێکدا منداڵان بە ساڵانی دروستبوونیاندا دەڕۆن، گەشەپێدانی هەڵسوکەوتی کۆمەڵایەتی ئەرێنی، زیرەکی سۆزداری و کارامەیی هاوکاری زۆر گرنگە بۆ گەشەی گشتی و سەرکەوتنیان لە باخچە و وقۆناغی دوای ئەوە.لە بەر ڕۆشنایی ئەوەی پێشتر باسکرا، توێژەر کێشەی توێژینەوەکەی بە چەند پرسیار بەر جەستە دەکات کە بریتین لە : ئایا بەکارهێنانی تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان لە لای منداڵانی باخچە لە چ ئاستێکدایە؟ وئاستی ڕەفتاری ئەرێنی منداڵانی باخچە چۆنە؟ دۆزینەوەی پەیوەندی لە نێوان ڕەفتاری ئەرێنی وبەکارهێنانی تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان لای منداڵانی باخچە، وهەروەها جۆر وئاراستەی ئەو پەیوەندیە، بەتایبەتی کەپێشترتوێژینەوەی هاوشێوەلەهەرێمی کوردستان وعێراق نەکراوە (بە پێ زانیارییەکانی توێژەر).

**٢.١ گرنگی توێژینەوەکە:**

گومانی تێدا نییە کەوا جیهان بە گشتی بەدرێژای مێژووی چەند ساڵەی ، ڕاهاتووە لەسەر ئەوەی کە منداڵەکانی لە ژینگەگەلێکی داخراودا پەروەردەبکات. دیارە پەروەرشیارلەپرۆسەی پەروەردە و پێگەیاندنەکەیدا پشت بەو بەهاو داب و نەریتانە دەبەستێت کە لە ژینگەکەیدا و لە لایەن خزم و خانەوادەوە بایەخیان پێدەدرێت. بەڵام ئەمڕۆ تەواوی ئەم شتانە گۆڕانکارییان بەسەردا هاتووە، پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا و گۆڕانکاریە خێراکان و بە دیجیتاڵکردنی دام و دەزگاکان لە ناویاندا پەروەردە وە کرانەوەمان بە ڕووی جیهاندا بەکارهێنانی تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان وەک هۆکارێکی بەسوود وە ئامادەکردنی منداڵانی وڵات بۆ پێشوازی لەو گۆڕانکاریانە ببێتە سەرچاوەیەکی گرنگ بۆ بەرەوپێش بردنی بواری پەروەردە و ئامادەکردنی منداڵان بۆ کۆمەڵگا (بکار،٢٠١٩:٣).

ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدات یارمەتیدەر بێت بۆ تێگەیشتنێکی ووردتر لە ڕۆڵی تەکنەلۆژیا وتۆڕە کۆمەڵایەتیەکان وەپەیوەندی بە ڕەفتاری ئەرێنیەوە لە لای منداڵانی باخچە گرنگی زانستی ئەم توێژینەوەیە لەوەدا بەرجەستە دەبێت کە تائێستا ئەوەندەی توێژەر ئاگادارە هیچ توێژینەوەیەکی دەقاودەق لەسەر هەمان بابەت لە کوردستان و عێراق، کە بە شێوەیەکی زانستیانە باس لەم دیاردەیە بکات نەکراوە. هەروەها نەبوونی ئەو توێژینەوانەی کە بایەخ دەدەن بە ڕۆڵی بەکارهێنانی تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان و پەیوەندی بە ڕەفتاری ئەرێنیەوە لای منداڵانی باخچە لە ڕوانگەی مامۆستایانەوە توێژەر گرنگی توێژینەوە لەم خاڵانەی خوارەوەدا ڕوون دەکاتەوە:-

1. هەوڵ دەدات گرنگی تیوری گۆڕاوەکان بابەتی توێژینەوەکە کە پێکهاتووە لە بەکارهێنانی تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان و کاریگەری لەسەر ڕەفتاری ئەرێنی لای منداڵانی باخچە دەربدەخات، دەکرێت ئەم توێژینەوەیە وەک سەرچاوەیەکی زانستی بە زمانی کوردی بۆ بەشە پەروەردەییەکان لە زانکۆکان سوودی لێوەرگرن بەو پێیەی سەرچاوەی زانستی لەبارەی ئەم بابەتە بە زمانی کوردی تا ڕادەیەک کەمە.
2. بەپشتبەستن بەئەنجامەچاوەڕوانکراواکانی توێژینەوەکە دەکرێت پرۆگرامەکانی پلانی پەروەردەی و ڕاوێژی دەروونی پشتپێببەستن کارپێبکەن بەمەبەستی ڕێگریکردن لەبڵاوبونەوەی بەکارهێنانی ناتەندروستی تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان لە لایەن منداڵانی باخچەی منداڵان وەهەروەهاچۆنیەتی بەرزکردنەوەی ئاستی ڕەفتاری ئەرێنی.

sjh@univsul.edu.iq

3 . توێژەر هەوڵدەدات گرنگی ئەم بابەتە بۆ مامۆستایان، سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی و بەخێوکارانی منداڵان و بەرپرسانی بواری پەروەردە بخاتە ڕوو.

4 . ئەم توێژینەوەیە تێڕوانینی کۆمەڵگا بۆ بەکارهێنانی تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان لە باخچەکانی منداڵان لە پرۆسەی پەروەردە و فێربوونی نوێدا دەخاتەڕوو.

5 . ئەم توێژینەوەیە وەک سەرچاوەیەک بۆ بەڕێوبەران و مامۆستایان و ستافی باخچە خزمەت دەکات بۆ سودوەرگرتن لە تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان بۆدەوڵەمەندکردنی ئەزموونی پەروەردەیی منداڵانی باخچە.

گرنگی پراکتیکی ئەم توێژینەوەیە لەوەدا دەردەکەوێت کە هەوڵدەدات بە شێوەیەکی ئەکادیمی پێوەرێکی زانستی بۆ هەڵسەنگاندنی ئاستی بەکارهێنانی تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان وئاستی ڕەفتاری ئەرێنیەوە لای منداڵانی باخچە لە ڕوانگەی مامۆستایانەوە بخاتەڕوو کە سەرجەم مەرج و تایبەتمەندییە زانستیەکانی تێدابێت، بۆئەوەی توێژەرانی بواری باخچەی منداڵان سودی لێوەربگرن وبەکاریبێنن لەتوێژینەوەکانی ئایندەدا،کەدەکرێت خوێندکارانی خوێندنی باڵاسودلەهەردوبەشی تیۆری وپراکتیکی،کۆکردنەوەی زانیاریە،میتۆدوهەنگاوەکانی جێبەجێکردن،ئەنجام وڕاسپاردەی توێژینەوەکەوەربگرن چونکەدەبنەهەوێنی ئەنجامدانی توێژینەوەیتر لە.

**٣.١ ئامانجی توێژینەوەکە**

1. زانینی ئاستی بەکارهێنانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان و پەیوەندی بەڕەفتاری ئەرێنییەوە لای منداڵانی باخچە لەڕوانگەی مامۆستایانەوە .
2. زانینی ئاستی بەکارهێنانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان و پەیوەندی بەڕەفتاری ئەرێنییەوە لای منداڵانی باخچە لەڕوانگەی مامۆستایانەوە بەپێی گۆڕاوەکانی جۆری باخچە.
3. زانینی ئاستی بەکارهێنانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان و پەیوەندی بەڕەفتاری ئەرێنییەوە لای منداڵانی باخچە لەڕوانگەی مامۆستایانەوە بەپێی کاتژمێری بەکارهێنان.

**٤.١ سنووری توێژینەوەکە**

**سنووری مرۆیی**: بریتییە لە مامۆستایانی باخچەی منداڵانی حکومی و ناحکومی لەپەروەردەکانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا لە شاری سلێمانی.

**سنووری کاتی**: ساڵی خوێندنی ٢٠٢٤-٢٠٢٥ .

**سنووری بابەتی**: بەکارهێنانی تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان وڕەفتاری ئەرێنی لای منداڵانی باخچە لە شاری سلێمانی لە باخچە حکومی وناحکومیاکاندا.

**سنوری شوێنی**:باخچەکانی منداڵان(حکومی وناحکومی) سەربە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا لەناوەندی پارێزگای سلێمانی.

**٥.١ : پێناسەی زاراوەکان**

**١.٥.١. تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان**

- کۆمەڵێکە لە ئەپڵیکەیشنەکانی ئینتەرنێت کە لەسەر بنەما ئایدۆلۆژی و تەکنەلۆژیاکانی وێب بنیات دەنرێن، و ڕێگە بە دروستکردن و ئاڵوگۆڕی ناوەرۆکی دروستکراوی بەکارهێنەر دەدەن(Kaplan & Haenlein, 2010:61)
- ئەو میدیایانەن کە ڕێگە بە تاک دەدەن کۆمەڵایەتی بێت بە هاوبەشی کردنی ناوەرۆک و هەواڵ و وێنە لەگەڵ کەسانی دیکە(Taprial & Kanwar ,2012: 8) .
- ماڵپەڕەکانی تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان بریتین لەو تۆڕە ئەلیکترۆنیانەی کە وا ڕێگە بە بەکارهێنەر دەدەن ماڵپەڕ یان هەژمارێکی تایبەت دابمەزرێنێت، کە بتوانرێت لە ڕێگەیەوە پەیوەندی بە تۆڕەکانی ترەوە بکات، بەمەبەستی یەکترناسین و ئاڵوگۆڕکردنی زانیارییەکان و گرتەی ڤیدۆیی و تۆمارە دەنگییەکان.(بکار،٢٠١٩:٩).کۆمەڵێک پرۆگرامە کە ڕێگەدەدات بە بەشداربوان و بەکارهێنان بۆ دروستکردنی هەژماری تایبەتی وە بەشداریکردنی بەکۆمەڵی ئەلیکترۆی لەگەڵ کەسانی تر کە هەمان حەز و ئارەزوویان هەیە (البسیسي ، ٢٠٢٠: ٥).
- پیگەی تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان تۆڕێکە کۆمەڵێک تاک لەخۆدەگریت کە هەمان بەرژەوەندی ومەیل و ئارەزووی پێکهێنانی هاوڕێیەتیان هەیەلە ڕیگەی بەکارهینانی ئینتەرنیتەوە بەکاردەهێندرێت(الغزي،٢٠٢١: ٤).
- پێناسەی تیۆری بۆ تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان: ئەو وێبسایتانەن کە ڕێگە بە خەڵک دەدەن کە ئارەزووی هاوشێوەیان هەیە کۆببنەوە و زانیاری، وێنە و ڤیدیۆکان هاوبەشی پێ بکەن کەلەرێگەی ئینتەرنێت بەکاریدەهێنن بۆ پەیوەندی کردن لەگەڵ دەوروبەر.

**١.٥.٢. ڕەفتاری ئەرێنی**

- هەر کردار و چالاکی و هەڵسوکەوتێکە کە بە دەربڕینی لە ڕێگەی هەست و بیرکردنەوە و بیر و ڕا بە ڕوونی و ئاشکرا بە ڕەچاوکردنی مافی بەرامبەر، مرۆڤی ئەرێنی چێژوەردەگرێت لە مامڵە کردن لەگەڵ لەسانی تر بە بێ هەستکردن بە تاوان و هەستکردن بە دڵەڕاوکێ وە ڕێز لە خۆی و کەسانی تر دەگرێت.(منیرة ، ٢٠١٨ :٣).
- هەڵسوکەوتێکە کە لە کۆمەڵگەی تاکدا بەرز دەنرخێنرێت وەک یارمەتی دانی کەسانی تر ،ڕزگارکردنی ژیان وهەوڵی هاوبەش.ئەم کارانە بە ئارەزوو مەندانەیە واتە بەبێ هیچ زۆرەملێیەک لە دەوورو بەرەوە ئەنجامدەدرێت.(العامري,٢٠٢٢:٦)
- کردارێکی پۆزەتیڤە کە مرۆڤ ئەنجامی دەدات، دەشێت هەر کردارێک بێت کە بە نیازێکی باش ئەنجام بدرێت و کاریگەری ئەرێنی لەسەر کەسانی تر یان جیهانی دەوروبەرمان هەبێت. پێچەوانەی کردارێکی نەرێنییە، (الحمیدی، ٢٠١٩ :٣٦٦) .

- ڕەفتاری ئەرێنی : ڕەفتارێکی مەبەستدارەکە ئاڕاستەدەکرێت بەرەو ئامانجێکی ڕوون کە لە لایەن کولتووری کۆمەڵگاوە قبوڵکراوە وە بەدواداچوونی بۆ دەکرێت لە لایەنی دەروونی وکۆمەڵایەتی وجێبەجێکردنەوە(جمال،٢٠١٩ :٩).
- پێناسەی توێژەر بۆ ڕەفتاری ئەرێنی :کردارێکی پۆزەتیڤە کە مرۆڤ ئەنجامی دەدات، دەشێت هەر کردارێک بێت کە بە نیازێکی باش ئەنجام بدرێت و کاریگەری ئەرێنی لەسەر کەسانی تر یان جیهانی دەوروبەرمان هەبێت. پێچەوانەی کردارێکی نەرێنییە، کە زیانبەخشە بۆ خوود یان بۆ کەسانی تر.
- پێناسەی تێۆری بۆ ڕەفتاری ئەرێنی: هەڵسوکەوتی مرۆڤە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئاستەنگەکانی ژیان بە ڕۆحی گەشبینی و متمانە بەخۆبوون. ئەم جۆرە هەڵسوکەوتە تەنها بۆ باشترکردنی باری دەروونی نییە، بەڵکو ڕۆڵی سەرەکی هەیە لە بەدەستهێنانی سەرکەوتن لە ژیان و کاردا. وە توانای تاک بۆ زاڵبوون بەسەر ئاستەنگەکان و گۆڕینی گرفتەکان بۆ دەرفەت، کە یارمەتیدەرە بۆ هاوسەنگییەکی باشتر لە نێوان ژیانی کەسی و پیشەیی. بۆیە هەڵسوکەوتی ئەرێنی یەکێکە لە گرنگترین هۆکارەکان کە دەبێتە هۆی سەرکەوتنی بەردەوام لە هەموو بوارەکانی ژیاندا.

## بەشی دووەم

## چوارچێوەی تیۆری توێژینەوەکە

### ١.٢ تەوەری یەکەم: تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان

#### ١.١.٢ چەمکی تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان

تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان ، بریتیە لەو تۆڕە ئەلکترۆنیانەی کەوا ڕێگە بەبەکارهێنەر دەدەن ماڵپەڕ یان هەژمارێکی تایبەت دابمەزرێنن ، کە بتوانرێت لە ڕیگەیەوە پەیوەندی بە تۆڕەکانی ترەوە بکات ، بە مەبەستی یەکترناسین وئاڵوگۆڕکردنی زانیاریەکان و گرتەی ڤیدۆیی و تۆمارە دەنگیەکان لە ژیانی مرۆڤایەتیدا چەندین داهێنانی چارەنووس سازو جێدەستی خۆی لەسەر هەموو شتێ بە جێهێشتووە ،بۆ نموونە ؛ ئەلفبێ و داتاشیبی پیت بۆ دەنگەکان ،یەکێک بوە لە هەرە گرنگترین ئەو شتانەی کە خەڵک پێی ئاشنا بوون،هەروەها داهێنانی ئامێری چاپکردنیش بە جۆرێک ئاسانکاری کردووە بۆ بڵاو کردنەوەی نوسراوەکان ،ئەکرێت بڵێین ئەمڕۆش کە ئەنتەرنێت باشترین داهێنانی مرۆڤە لەم سەردەمەدا بە هۆی ئەوە گۆڕانکارییە زۆرەی بەسەر ژیانی گەورەو بچووکدا هاتووە دەتوانین بڵێین :ئێمە هێشتا لە سەرەتای ڕێگاکەداییین.(د.عبدالکریم بکار،منداڵەکان وتۆڕەکۆمەڵایەتیەکان،٢٠١٩) دەتونین لێرەدا ئاماژە بەوە بکەین کە پاش ئەوەی مۆبایل و ئامێرەزیرەکەکان خزمەتگوزاری ئینتەرنێتیان بۆزیاد کرا ،بو بە گرنگترین هۆیەکان بۆ بەکارهێنانی تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان، وە لەهەمووشی زیاتر ماڵپەڕە هەمە چەشنەکانە وە گەورەترین خزمەتێک کە تۆڕەکۆمەڵایەتی و ئەلکترۆنیەکان کردویانە ،ئەوەیە کە پەیوەندیەکی گەرموگوڕیان درووستکردووە لە نێوان خەڵک وای لێهاتووە کە بتوانین سوود لە کارو چالاکیەکانیان وەربگرین.تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان توانیویانە کۆمەڵگا ی پێکەوە بەستراوی تۆڕی دروست بکەن .

#### ١.٢.٢ گرنگترین جۆرەکانی تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان کە زۆرترین بەکارهێنەریان هەیە:

**١- فەیسبووک** :- وێبسایتێکی تۆڕی کۆمەڵایەتییە کە دەتوانرێت بە ئاسانی بگاتە بەکارهێنەرانی و لەلایەن( مارک زوکەربێرگ) لە مانگی شوباتی ٢٠٠٤ لەگەڵ هاوکارەکانی فەیسبووکیان دامەزراند و دواتر فراوان بوو لە سەرانسەری جیهاندا بڵاو بووەوە و هەموو ڕەگەز و گروپەکان دەگرێتەوە تۆڕی کۆمەڵایەتی جیهانی فەیسبووک بەردەوامە لە زاڵبوون

sjh@univsul.edu.iq

بەسەر جیهانی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکاندا و زۆرترین بەکارهێنان و بەربڵاوترین تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان و پلاتفۆرمەکانە لە جیهاندا، ئەم تۆڕە بەردەوامە لە بڵاوبوونەوە لە ڕێگەی دابینکردنی سوودی زۆر بۆ بەکارهێنەرانی ئینتەرنێت و تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان لە بڵاوکردنەوەی بڵاوکراوەی جۆراوجۆر، ناوەڕۆکی ڤیدیۆ و وێنە، زانیاری هەمەجۆر(المقدادی ،٢٠١٣: ٣٨)

**٢- یوتیوب**: (youtube) پلاتفۆرمێکە بۆ هاوبەشی کردن و بینینی ڤیدیۆیە کە ڕێگە بە بەکارهێنەران دەدات ڤیدیۆ لەسەر ئینتەرنێت دروست بکەن و سەیری بکەن کە هەر بەکارهێنەرێک دەتوانێت کەناڵێکی تایبەت بە خۆی دروست بکات کە ڤیدیۆکانی تێدا دەردەکەوێت، هەروەها دەتوانێت بەدوای کەناڵەکانی بەکارهێنەرانی تردا بگەڕێت، لێدوان بدات و ڤیدیۆکانیان بڵاو بکاتەوە، و دیدگای ئەم پلاتفۆرمە بۆ بینینی چەندین کلیپی جۆراوجۆری فیلم و و ڤیدیۆ و مۆسیقا و پۆدکاست و چەندین بابەتی وێنەیی تری تێدایە یوتیوب لەلایەن (چاد هێرلی، ستیڤ چێن و جاوید کەریم )دامەزرا لە 15ی شوباتی ٢٠٠٥ و یەکەم ڤیدیۆکە لە یوتیوب بڵاوکرایەوە لە لایەن جاوید کەریم بە ناونیشانی "من لە باخچەی ئاژەڵانم" (منصور،٢٠٢٢:.٨)

**٣- سناپچات( Snapchat)** لە ساڵی (٢٠١١)دەرکەووت ،خزمەتگوزاری پەیوەندی وێنەو تێکست وڤیدیۆ ناردنلە خۆ دەگرێتسناپچات بەرهەمی توێژینەوەیەکە لە لایەن دوو خوێندکاری زانکۆی ستانفۆرد بە ناوەکانی ئیڤان سپیگڵ( Evan spiegel ) و بۆبی مۆرفی( Bobby murphy ) ئەنجام دراوە >زۆری نەخایەند ئەپڵیکەیشنە نوێیەکە لە ساڵی (٢٠١٣)سەرکەوتنی بەرچاوی بەدەستهێنا،ئەمەسکۆمپانیاکەی هاندا وەبەرهێنان بکات بە بڕی (٥،١٣)ملیۆن دۆلار لە پیناوپەرەپیدانی سناپچاتدا(منصور،٢٠٢٣:.٦٥)

**٤- تیک تۆ(tik tok)**بەرنامەیەکە بۆ بەشداری کردن بە پارچە ڤیدیۆی کورت و دووبارە لە ڕێی مۆبایلی زیرەکەوە،ئەم بەرنامەیە هانی بەکارهێنەرانی دەدات بۆ بەشداری کردنی ڕاستەو خۆو ڕووبەڕوو (خديجةو قماري،٢٠٢٠: ١١ ) .

٥- ئینستاگرام (instagram.com) ئەپڵیکەیشنێکی وێنەیی مۆبایلە کە ڕێگەت پێدەدات بە کامێرای مۆبایلەکەت وێنە بگریت، پاشان فلتەرێکی هونەری سەرنجراکێش زیاد بکەیت بۆ ئەوەی بریقەدار و جوان دەربکەوێت. دواتر دەتوانرێت ئەمە لە ئینستاگرام و تۆڕە کۆمەڵایەتیەکانی تر بڵاو بکرێتەوە بۆ ئەوەی شوێنکەوتووەکان ببینن و سەرنجی لەسەر بدەن. کە ملیۆنان بەکارهێنەری ڕۆژانە، ئینستاگرام یەکێکە لە گەورەترین پلاتفۆرمەکانی تۆڕی کۆمەڵایەتی مۆبایل لە جیهاندا. سوودەکەی بریتییە لە بەهێزکردنی پەیوەندی لە ڕێگەی ناوەڕۆکی بینراو و بینەری گەورەی شاراوە ،لەسەر ئینتەرنێت بڵاو بکەنەوە. وێنەکان زیاتر سەرنج ڕادەکێشن لە بابەتە دەقییەکان.بەکارهێنەران پرۆفایل و ناوی بەکارهێنەری بێهاوتایان هەیە. بەکارهێنەران لە پرۆفایلەکانیاندا وێنە یان ڤیدیۆ بڵاو دەکەنەوە. دەتوانن هاشتاگ لەخۆ بگرن و بەکارهێنەرانی تر تاگ بکەن.(کریم،٢٠٢٣)

**٢.٢ تەوەری دووەم: ڕەفتاری ئەرێنی**

١.٢.٢ چەمکی ڕەفتاری ئەرێنی

ڕەفتاری ئەرێنی بریتیە لەو ڕەفتارانەی کە لەکۆمەڵگای تاکێکدابەرز دەنرخێندرێت وبە یارمەتی کەسانی دیکە و هاوکاری کردن بۆ ڕزگارکردنی ژیانی کەسێک وە ئەم ڕەفتارانە بە ئارەزووی خۆیان وبێ سەپاندنی دەرەکی ئەنجام دەدرێت.

**٢.٢.٢ ڕەهەندەکانی ڕەفتاری ئەرێنی**

**ڕەفتاری ئەرێنی سێ ڕەهەندی هەیە:-**

1 . ڕەهەندی دەروونی :ئاماژەیە بۆ توانای هەڵسەنگاندنی بابەتیانەی خۆی لەگەڵ توانای جیاکردنەوەی خاڵە بەهێزوو لاوازەکان .

2 . ڕەهەندی کۆمەڵایەتی :ئاماژەیە بۆ توانای وەڵامدانەوەی ڕەفتارو دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ ئەوانی تر.

3 . ڕەهەندی پراکتیکی : ئاماژەیە بۆ توانای تاک بۆ کارکردن وهەڵگرتنی بەرپرسیارێتی و مامەڵەکردنی ئەرێنی بۆ بە دەستهێنانی ئەنجامە داواکراوەکان .( المقاطي،2018: 3)

ڕەفتاری ئەرێنی و بەرپرسیارێتی کۆمەلایەتی پێویستە وە کۆڵەکەیەکی گرنگی پەروەردەی هاوچەرخە لەپەروەردەکردنی منداڵدا یەکێکە لەگرنگترین بەها کۆمەلایەتییەکان کە دەبێت لەمنداڵیدا گرنگی پێبدرێت و چاندنی پێبکرێت چونکە گرنگییەکی زۆری هەیە بۆ ئەوەی منداڵ خۆی لەگەڵ ئەو کۆمەڵگایەی تێیدا دەژی بگونجێت بۆیە لێیەوە هەڵسوکەوت و ڕەوشت و خوو چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ کەسانی تر و متمانە بەخۆبوون پەیدا دەکات کە کاریگەرییەکی زۆری لەسەر کەسایەتی منداڵ هەیە و لەرێگەی پەیداکردنی ئەم بەهایانەوە ناچاری دەکات بەرپرسیارێتی بەرامبەر خۆی و کەسانی تر هەبێت پسپۆرانی بەخێوکردنی منداڵ ئەوەیان دووپات کردووەتەوە کە گەشەکردنی بەها کۆمەڵایەتییەکان لە منداڵی باخچەی منداڵاندا کاریگەرییەکی بەرچاوی لەسەر پێکهێنانی کەسایەتیی منداڵ هەیە، چونکە منداڵ لەم قۆناغە سەرەتاییەدا نەرمتر و ئارەزووی قبوڵکردن و خۆگونجاندن و فۆرمکردنە بۆیە دەبێت جەخت لەسەر گرنگی پەرەپێدانی بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی بکرێتەوە لە ماوەی پێگەیشتنی مێشکی لە تەمەنی ( 4-6) ساڵیدا کە منداڵ لەم قۆناغەدا دەست دەکات بە درککردن بە ڕاستیەکان و هەڵوێست و هەستەکان لە شێوەی سەرەتایی و شێوە جۆراوجۆر و جیاوازەکانیاندا لە زۆر دۆخی کۆمەڵایەتیدا و چەندین توێژەران ژمارەیەکیان دەستنیشان کردووە لە نێو ئەو بەها کۆمەڵایەتیانەی کە دەبێت لە منداڵانی باخچەی منداڵاندا گەشە پێبدرێن بریتین لە: (پاکوخاوێنی، ڕێکخستن، پشت بەستن بە خۆ، ئەتەکێت، هاوکاری، بەشداریکردن، یارمەتیدانی هەژاران، ڕێزگرتن لە موڵکی گشتی و تایبەتی، پاراستنی ژینگە)، چونکە ئەم بەهایانە نوێنەرایەتی بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی دەکەن بەهۆی گرنگی فێرکردنی ڕەفتارە کۆمەڵایەتیەکانەوە چەندین توێژینەوە ئەنجامدراوە کە مامەڵەیان لەگەڵ بەها کۆمەڵایەتییەکانی منداڵدا کردووە کە جەختیان لەسەر پێویستی فێربوونی بەها کۆمەڵایەتییەکان لە تەمەنێکی زووەوە کردووەتەوە چونکە ئەوەی منداڵ لەتەمەنێکی بچووکدا فێری دەبێت بەدرێژایی ژیانیدا لەگەڵیدا بەردەوام دەبێت و لەبارودۆخە جۆراوجۆرەکانی ژیانیدا بەکاری دەهێنێت هەروەها جەخت لەوە کراوە کە بەدەستهێنانی بەها کۆمەڵایەتیەکان یارمەتی منداڵ دەدات لە داهاتوودا پشت بە خۆی ببەستێت و کارلێکێکی ئەرێنی لەگەڵ کەسانی دەوروبەری لە ئەندامانی کۆمەڵگادا بکات.

لەگەڵ ئەو پێشکەوتنە زانستی و تەکنەلۆژیایەی کە جیهان لە هەموو بوارەکاندا بەخۆیەوە دەبینێت و گەیشتنی ژیانی مرۆڤ بە پلەیەکی بەرزوو دووپاتکردنەوەی لۆژیکی پابەندبوون و بەرپرسیارێتی لە پەیوەندییەکان و ، چ لە نێوان تاک و کۆمەڵگاکەیدا، یان لە نێوان تاک خۆیدا. پرۆسەی فێربوونی بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی دەتوانرێت لە سەرەتای ژیانی منداڵدا دەست پێبکات و

sjh@univsul.edu.iq

گەشەپێدانی هەستی بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی بە ڕێکەوت نایەت. یان لەناکاو بەڵام منداڵ دەتوانێت شتێک فێر بێت لە وەرگرتنی بەرپرسیارێتی لەو گرنگییەی کە لە دایک و باوکی وەریدەگرێت بۆ ئەوەی منداڵ لە ڕێگەی فێربوونی کۆمەڵایەتییەوە کاراکتەری کۆمەڵایەتی پەیدا بکات واتە منداڵ بۆتە بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی و بە ئاست و ستانداردی دیاریکراوی هەڵسوکەوت لە بارودۆخە جۆراوجۆرەکانی ژیاندا دەناسرێتەوە و ئەم پرۆسەیە بە مرۆڤکردنی ئۆرگانیزم ناسراوە هەر کلێشەکردن و ئاسایی بوونەوەیەکی کۆمەڵایەتی بەپێی ئاست و ستانداردەکانی وڕاستییەکی کولتووری دیاریکراو کە پرۆسەیەکی گرنگە کە خێزان و باخچەی منداڵان گرنگی پێدەدەن (الزناتي،2020)

### ٣.٢ تەوەری سێیەم : توێژینەوەکانی پێشوو

لەبەر ڕۆشنایی پێداچوونەوەی توێژەر بە توێژینەوەکانی پێشووتردا،کە پەیوەندییان بە گۆڕاوەکانی توێژینەوەکەوە هەیە زۆر توێژینەوەی بەرچاو کەوت، کە باس لە (بەکارهێنانی تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان و ،ڕەفتاری ئەرێنی) دەکرد بە شێوازی جیاجیا. بابەتی توێژینەوەی توێژەر باس لە (بەکارهێنانی تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان و پەیوەندی بە ڕەفتاری ئەرێنییەوە لای منداڵانی باخچە(حکومی و ناحکومی) لە ڕوانگەی مامۆستایانەوە لە شاری سلێمانی) دەکات، بۆیە توێژەر ئەو توێژینەوانەی وەرگرتووە کە نزیک بوون لە توێژینەوەکە.

ژمارەی خشتە(٢-١)

توێژینەوەکانی پێشوو

| **توێژینەوەی یەکەم** | |
|---|---|
| ناوی توێژەر و ساڵی ئەنجامدانی توێژینەوەکە | راندا مصطفي الديب & حمدي عزالعرب عميرة، 2020. |
| ناونیشانی توێژینەوەکە | پرۆگرامێکی ڕاوێژکاری بۆ پەرەپێدانی هۆشیاری خۆراکی لەنێو دایکانی منداڵای باخچەی منداڵان لەسەر بنەمای چەند تۆڕێکی کۆمەڵایەتی. |
| گرنگترین ئامانجەکانی توێژینەوەکە | کاریگەری پرۆگرامێکی خۆراکی پێویست بۆ پەرەپێدانی هۆشیاری خۆراکی لای دایکان بۆ منداڵانی باخچە. |
| ڕێبازی توێژینەوەکە | وەسفی و نیمچە تاقیکاری. |
| کۆمەڵگەی توێژینەوەکە | دایکانی منداڵانی باخچەی منداڵان. |
| نمونەی توێژینەوەکە | (٣٠) دایک لە باخچەی منداڵانی زمانی فەرمی درفە لە تەنتای ڕۆژهەڵات لە پارێزگای غەربیە هەڵبژێردراون. |

| | |
|---|---|
| ئامرازەکانی توێژینەوەکە | بەکارهێنانی فۆرمی ڕاپرسی بۆ هۆشیاری خۆراکی، وە پرۆگرامێکی ڕێنمایکاری لەسەر سایتی تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان. |
| کەرەستە ئامارییەکانی توێژینەوەکە | (SPSS,v,21) و ئەلفا کرۆنباخی بەکارهێناوە. |
| گرنگترین دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە | دوای جێبەجێ کردنی بەرنامەکە، پەرەسەندنێکی ڕوون لە هۆشیاری و خۆراکی تەندروست پشتراست کرایەوە لە نێو گرووپە تاقیکراوەکەدا. |
| توێژینەوەی دووەم | |
| ناوی توێژەر و ساڵێ ئەنجامدانی توێژینەوەکە | ئۆزکان ساپساغلام ،٢٠١٨ |
| ناونیشانی توێژینەوەکە | هۆشیاری و بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان لای منداڵانی باخچەی منداڵان. |
| گرنگترین ئامانجەکانی توێژینەوەکە | مەبەست لەم توێژینەوەیە لێکۆڵینەوەیە لە هۆشیاری تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان و بەکارهێنانی لە باخچەی منداڵاندا. |
| ڕێبازی توێژینەوەکە | ڕێبازی وەسفی |
| کۆمەڵگەی توێژینەوەکە | کۆی گشتی ١٤٠ منداڵ (٢٠ منداڵ لە گروپی تەمەنی سێ ساڵ،( ٤٠ )منداڵ لە گروپی تەمەنی چوار ساڵ) و( ٨٠منداڵی تەمەن پێنج ساڵ) |
| نمونەی توێژینەوەکە | کۆی گشتی ١٤٠ منداڵ لە باخچەی تایبەتی منداڵان لە پارێزگای تۆکات پێکهاتووە |
| ئامرازەکانی توێژینەوەکە | بەکارهێنانی کارتی وێنە یی بە قە بارە ی ٣٠× ٣٠ سانتیمە تر ، پیشاندانی لۆگۆی فەیسبووک و تویتەر و واتس ئەپ و مسنجەر و یوتیوب ، چاوپێکەوتنی ڕووبەڕووی تاکەکەسی لەگەڵ منداڵان. |
| کەرەستە ئامارییەکانی توێژینەوەکە | تەکنیکی شیکردنەوەی وەسفی لە شیکردنەوەی داتاکاندا بەکارهێنراکە بیروڕای ئەو کەسانەی چاوپێکەوتنیان لەگەڵدا کراوە ئەنجامەکانی بەدەستهاتوو |
| گرنگترین دەرئەنجامەکانی توێژینەوکە | دەرئەنجامی توێژینەوەکە سەلماندی کە زۆربەی منداڵان ئەپڵیکەیشنەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان دەناسنەوەو ئەپڵیکەیشنەکان تاقی دەکەنەوە لە مۆبایلی دایک و باوکیان وە یوتیوب بەکارهاتووترین ئەپڵیکەیشنە و منداڵان بەکاری دەهێنن بۆ سەیرکردنی کارتۆن و ڤیدیۆ. |
| **توێژینەوەی سێهەم** | |

| | |
|---|---|
| ناوی توێژەر و ساڵێ ئەنجامدانی توێژینەوەکە | احلام فليح حسن العطيات ، ٢٠١٨ |
| ناونیشانی توێژینەوەکە | کاریگە ری بە کارهێنانی یوتوب لە فێرکردنی تواناى دروستی دە ربرینی زمانی ئینگلیزی بە منداڵانی باخچە ی منداڵان لە باخچە ناحکومیە کانی پارێزگای عە ممانی پایتە خت |
| گرنگترین ئامانجەکانی توێژینەوەکە | کاریگەری بەکارهێنانی یوتیوب لە فێرکردنی تواناى دەربرینی دروستی زمانی ئینگلیزی بە منداڵان باخچەی منداڵان لە باخچە ی ناحکومی قرتاج لە پارێزگای عە ممانی پایتە خت. |
| ڕێبازی توێژینەوەکە | شێوازی نیمچە ئەزموونی بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەکە بەکارهێنرا |
| کۆمەڵگەی توێژینەوەکە | نمونەی 43 منداڵی کورو کچ لە منداڵانی باخچەی منداڵانی قرتاج لە پارێزگای عمان .گرووپی تاقیکراوەو گرووپی کۆنترۆڵکراو. |
| نمونەی توێژینەوەکە | ٢٢ منداڵ لە گروپی تاقیکراو ، ٢١ منداڵ لە گرووپی کۆنترۆڵکراو |
| ئامرازەکانی توێژینەوەکە | فۆرمی ڕاپرسی ، |
| کەرەستە ئامارییەکانی توێژینەوەکە | بەکارهێنانی المتوسطات الحسابية ، االنحرافات المعيارية واختبار t-test ، ألفاكرونباخ . |
| گرنگترین دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە | دەرەنجامەکانی توێژینەوەکە دەریخست کە جیاوازی ئاماری هەیە لە نێوان هەردوو گرووپ کە گرووپی تاقیکراوە کە بە بەکارهێنانی یوتیوب خوێندویانە ئاستێکی بەرزیان بەدەست هێناکە بەرزترە لە گروپی کۆنترۆڵ لە فێربوون و دەربڕیندا بۆ زمانی ئینگلیزی . |
| توێژینەوەی چوارەم | |
| ناوی توێژەر و ساڵێ ئەنجامدانی توێژینەوەکە | مانجو میشرا ،٢٠١٧ |
| ناونیشانی توێژینەوەکە | کاریگەری تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر منداڵان و هەرزەکاران |
| گرنگترین ئامانجەکانی توێژینەوەکە | بەکارهێنانی مۆبایل و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەلایەن منداڵان و مێرد منداڵانەوە ژمارەیەکی زۆر کەم توێژینەوە لەسەر منداڵان و هەرزەکاران ئەنجام دەدرێت. بۆیە توێژینەوەکە بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و کاریگەرییەکانی لەسەر منداڵان و هەرزەکاران بەشێوەیەکی گشتی ڕووندەکاتەوە |
| ڕێبازی توێژینەوەکە | ڕێبازی وەسفی |
| کۆمەڵگەی توێژینەوەکە | ئەم توێژینەوەیە لەسەر بنەمای پێداچوونەوە بەو توێژینەوانە دامەزراوە کە لەسەر تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان و کاریگەرییەکانی لەسەر منداڵان و هەرزەکاران. بەشێوەیەکی گشتی |

| نمونەی توێژینەوەکە | توێژینەوەکانی پێشوو |
| --- | --- |
| ئامرازەکانی توێژینەوەکە | پرسیارەکان بۆ دایک و باوکان، مامۆستایان و کۆمەڵگا. دوو پرسیارئامادە کراوە.<br>1-بۆ چ مەبەستێک منداڵان و هەرزەکاران تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان بەکار دەهێنن ؟<br>2 - بەناوبانگترن ماڵپەڕە کۆمەڵایەتیەکان کامانەن؟ |
| کەرەستە ئامارییەکانی توێژینەوەکە | کەرەستەی ئاماری بەکارنەهاتووە |
| گرنگترین دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە | ماڵپەڕە کۆمە ڵایە تییە کان لە لایە ن منداڵان و مێردمنداڵانە وە پە یوە ندییە کۆمە ڵایە تییە کانیان و هە ندێک شارەزایی تە کنیکی فێر دە بن هە روە ها بە هاوکاری سایتە کان وەک یوتیوب و فە یسبووک و واتساپ چەندین دەرفەت دەڕەخسێنێت بۆ پەیوەندی کردن لەگەڵ هاوڕێکان، هاوپۆلەکان و خێزان وژمارە یە ک منداڵ و مێردمنداڵ کە ئە و ماڵپە ڕە بە کاردە هێنن |

سوود بینین لە توێژینەوەکانی پێشوو:

١-هەستکردن بە هەبوونی کێشەی توێژینەوەکەو ڕادەی گرنگیەکەی بەمەبەستی ئەنجامدانیتوێژینەوەیەکی زانستی.

٢-توێژینەوەکانی پێشوو چوارچێوەیەکی گشتی بۆ ئەم توێژینەوەیە پێکدەهێنن، چونکە لەبابەتەکاندا سوودی زۆریان لێوەرگیراوە بەتایبەتی لەچوارچێوەی تیۆریدا.

٣-بۆ زیاتر بابەتیبوونی توێژینەوەکەو شوێن پێ هەڵگرتنی توێژینەوەکانی پێشوو سوودیان لێبینراوە.

٤-سوودی لە زانیارییە ڕێکارەکانی توێژینەوەکانی پێشوو، لە چۆنییەتی ڕاڤەکردنی داتاو زانیارییەکان وهاوکێشە ئامارییەکانی بینیوە.

٥-ئامادەکردنی ئامرازەکانی توێژینەوەکەو چۆنییەتی دەرهێنانی ڕاستی و جێگیری ئامرازەکان سودی لێوەرگرتوون.

## بەشی سێیەم

## ڕێکارەکانی توێژینەوەکە

ئەم بەشە پێك دێت لە ڕوونکردنەوەی ئەو میتۆدەی لە لایەن توێژەرانەوە پەیرەوی کراوە، لە گەڵ وەسفکردنی تایبەتمەندییەکانی نمونەی توێژینەوەکە، هەروەها خستنەڕووی چۆنییەتی دروستکردنی ئامرازەکانی توێژینەوە، لەگەڵ ڕێککاریەکانی ڕاستی و جێگیری ئامرازەکانی توێژینەوە، و بەکارهێنانی ئەو ئامرازە ئامارییانەی کە لە شیکردنەوەی داتاکانی توێژینەوەکەدا بەکارهێنراون. بەم شێوەیە خوارەوە:-

**١.٣ میتۆدی توێژینەوەکە:**

میتۆدی توێژینەوە ڕێگایەکە توێژەران پشتی پێدەبەستن بۆ ناسینەوەی تایبەتمەندی دیاردەکە لەسەر بنەمای وەسفکردنی دیاردەکە بەوەسفکردنێکی وورد.بەواتای دیاریکردنی دیمەنەکە هەر وەک ئەوەی کەخۆی لەواقعدا هەیە (العثمان،٢٠٠٩:٣٢)

بۆ هێنانەدی ئامانجی توێژینەوەکە میتۆدی وەسفی بەکارهاتووە، چونکە لەم جۆرە میتۆدە دا، لێکۆڵینەوە دەربارەی دیاردە جیاوازەکان دەکرێت، هەروەها دەرخستنی لایەنە ئاماژە بۆ کراوەکان و دیاریکردنی پەیوەندیی نێوان ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی خودی دیاردەکە و دیاردە پەیوەندیدارەکانی دیکە.

**٢.٣کۆمەڵگەی توێژینەوەکە:**

کۆمەڵگەی توێژینەوە سەرجەم ئەو تاکانەن (مرۆڤ، دامەزراوە، بەرنامەی تەلەفزیۆنی، گۆڤار، شمەک...هتد) کەلەخەسڵەتێکی تێبینیکراودا هاوبەشن (بۆکانی،١٢٥:٢٠١٦) ، کۆمەڵگەی توێژینەوەکە پێکهاتووە لەسەرجەم مامۆستایانی باخچە حکومی و ناحکومییەکانی شاری سلێمانی بۆ ساڵی خوێندنی ٢٠٢٤-٢٠٢٥ کە بەردەوامن لەکارکردن و ژمارەیان (١٤٠٨) مامۆستایە، (١٥٦) مامۆستا لەڕەگەزی نێر و (١٢٥٢) مامۆستا لەڕەگەزی مێ،وەک لەخشتەی (١) خراوەتەڕوو،توێژەر ئاماری مامۆستایانی لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی سلێمانی وەرگرتووە.

خشتەی ژمارە(١)

کۆمەڵگەی توێژینەوە خراوەتەڕوو

| بەڕێوەبەرایەتی | ژمارەی مامۆستا | | | | | | کۆی گشتی ژمارەی مامۆستا |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | باخچەی حکومی | ڕەگەز | | باخچەی ناحکومی | ڕەگەز | | |
| | | نێر | مێ | | نێر | مێ | |
| پەروەردەی ڕۆژئاوا | ٧٣٢ | ٩٧ | ٦٣٥ | ٢٧١ | ٢٠ | ٢٥١ | ١٤٠٨ |
| پەروەردەی ڕۆژهەڵات | ٤٠٥ | ٣٩ | ٣٦٦ | | | | |
| کۆی گشتی | ١١٣٧ | ١٣٦ | ١٠٠١ | ٢٧١ | ٢٠ | ٢٥١ | |

**٣.٣نموونەی توێژینەوەکە:**

نموونەی توێژینەوە بەشێکی دیاریکراو و سنوردارە،کە هەڵگری هەمان تایبەتمەندی و خەسڵەتەکانی کۆمەڵگەی توێژینەوەکەن لەڕووی چەندێتی و چۆنایەتییەوە، (Ebel)وایدەبینێت هەتا قەبارە و ژمارەی سامپڵی توێژینەوەکە زیاتر بێت ئەوا زیاتر دەتوانین شیکردنەوەی دیاردەکە و خەسڵەتەکانی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بکەین و لەپێوانەی هەڵەی توێژینەوەکە دورکەوینەوە(Ebel,1972:289) .

توێژەر بۆئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە (٤٥٤) مامۆستای لەهەردوو ڕەگەز وەك نموونەی توێژینەوەکەی وەرگرتووە و فۆرمی ڕاپرسی بەشێوەی چاپکراو ئاراستەیانکرا، سەرجەم مامۆستایان ڕاپرسیەکانیان بەشێوەیەکی دروست پرکردەوە و گەڕاندییانەوە بۆ توێژەر،بڕوانە خشتەی ژمارە (٢)خراوەتەڕوو بۆ بینینی شێوازی دابەشبوونی نموونەی توێژینەوەکە.

خشتەی (٢) :نموونەی توێژینەوە خراوەتەڕوو

sjh@univsul.edu.iq

| جۆر | ژمارە | کۆی گشتی |
|---|---|---|
| ژمارەی باخچەی حکومی | ٢٣ | ٣٨ |
| ژمارەی باخچەی ناحکومی | ١٥ | |
| ژمارەی مامۆستایانی باخچەی حکومی | ٣٣٧ | ٤٥٤ |
| ژمارەی مامۆستایانی باخچەی ناحکومی | ١١٧ | |

**٤.٣ئامرازەکانی توێژینەوە:** هەڵبژاردنی ئامراز بۆ هەر توێژینەوەیەک یەکێکە لەمەرجە زانستیەکان بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەکە دەبێت لەگەڵ سروشتی گۆڕاوەکانی توێژینەوەکەدا بگونجێت. بۆیە ئامرازەکان جۆراوجۆرن، لە توێژینەوە زانستیەکاندا بەکاردێت (جودة،١٩:٢٠٠٨) بۆگەیشتن بەئامانجەکانی توێژینەوەکە واپێویست بوو توێژەران بۆپێوانەکردنی (بەکارهێنانی تۆرکۆمەڵایەتیەکان وپەیوەندی بە ڕەفتاری ئەرێنییەوە) پێوەری گونجاو ئامادەبکات کە(٤٥)بوولەڕێگەی فۆرمی ڕاپرسی کراوە ، کە پێکهاتووە لە (٣) پرسیار بە شێوەی ئۆنلاین و دابەشکردنی ڕاستەوخۆ درابە مامۆستایانی باخچەکانی منداڵان کە پرسیارەکان بریتی بوون لە

پرسیاری یەکەم : لە ڕوانگەی بەڕێزتانەوە بەکارهێنانی تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان لە چ ئاستێکدایە؟

پرسیاری دووەم : لە ڕوانگەی بەڕێزتانەوە ڕەفتاری ئەرێنی منداڵانی باخچە لە چ ئاستێکدایە؟

پرسیاری سێهەم : لە ڕوانگەی بەڕێزتانەوە تا چەند پەیوەندی هەیە لە نێوان ڕەفتاری ئەرێنی و تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان؟

**٥.٣ڕاستیتی ڕواڵەت**: بۆدیاریکردنی ڕاستگۆی ڕواڵەتی توێژەرپەنای بردە بەر ڕاوبۆچوونی شارەزایان، بۆ ئەو مەبەستە پێوانەکە(ڕاپرسیەکە )بەشێوەی کراوەی خرایە بەردەستیانخرابە بەردەست ( ١٠) شارەزاو پسپۆڕی (ڕێگاکانی وانەوتنەوە و دەرونزانی پەروەردەیی) داوایان لێکراوە ڕاو بۆچوونی خۆیان سەبارەت بەگونجاوی برگەکان و بژاردەکان دەرببرن وهەرگۆڕانکاریەك پێیان باشە پێشنیازی بکەن، دوای کۆکردنەوەی فۆرمەکان، بەپێی بۆچوونی شارەزایان تەنها ئەو برگانە مانەوە کەڕێژەی ڕێککەوتن لەسەرمانەویان (٧٥%) زیاتربوو، بەم شێوەیەلە کۆی (٤٥) برگە (٢) برگە لابران کە بریتی بوون لە برگەکانی (٤٤، ٤٥) . بەم جۆرەش ژمارەی برگەکان بوون بە (٤٣) برگە، هەروەها ڕێژەی ڕاستگۆیی پێوەرەکە بریتی بوو لە (٩٣%) .

٦.٣ شیکردنەوەی ئاماری بۆ برگەکانی پێوەرەکە.

بەمەبەستی دڵنیا بوون لە بوونی مەرجەکانی ڕاستگۆیی وجێگیری وتوانای جیاکاری لە نێوان برگەکانی پێوەری تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان و پەیوەندی بەڕەفتاری ئەرێنییەوە توێژەران شیکاری ئاماری بۆ سەرجەم برگەکانی پێوەرەکە ئەنجامدا لە ڕێگەی ئەم هەنگاوانەی لای خوارەوە:

١.٦.٣ هاوکۆلکەی جیاکاری بۆ برگەکانی پێوەرەکە:

ئەم ڕێگەیە پشت بەجیاکاری دەبەستێت لەنێوان ئەو تاکانەی تایبەتمەندی پێوانەکراویان تێدا بەدیدەکرێت و ئەوانەی تیایاندا بەدیناکرێت.ئەم ڕێگەیە ئاماژەیەکی خێرا بەڕادەی ڕاستگۆیی پێوانەکە دەدات(عبدلرحمن،١٩٩٨ :١٩٢)،توێژەر هاوکۆلکەی جیاکاری بۆ بڕگەکانی دەرهێناوە بە پشت بەستن بەم هەنگاوانەی لای خوارەوە:-

أ. ڕیزبەندی کردنی ئەو نمرانە، کە تاکەکانی نموونەی توێژینەوەکە بەدەستیان هێناوە لە بەرزترین نمرە بۆ نزمترین نمرە.

ب.دابەشکردنی نمرەکانی نمونەی توێژینەوەکە بۆ دوو گروپ،گروپێك کە زۆرترین نمرەیان بە دەستهێناوە بە ڕێژەی (27%)، کە ژمارەیان (11) مامۆستا بوو، وە گروپێك، کە کەمترین نمرەیان بە دەست هێناوە بە ڕێژەی (27%)، کە ژمارەیان (11) مامۆستا بوو ، وە دوورخستنەوەی ئەو گروپەی، کە ناوەندبوون.

ج. بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی تائی بۆ دوونموونەی سەربەخۆ (Independent Sample T-Test) بە بەکارهێنانی بەرنامەی ئاماری (SPSS) بۆ هەر بڕگەیەك،لە ئەنجامدا دەرکەوت، کە سەرجەم بڕگەکانی توانای جیاکارییان هەیە. وەك لە خشتەی (٣) خراوەتەروو.

خشتەی (٣):

هاوکۆلکەی جیاکاری بۆ بڕگەکانی پێوەری تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان و پەیوەندی بەڕەفتاری ئەرێنییەوە

| ژمارەی بڕگە | گرووپی نمرە بەرزەکان | | گرووپی نمرە نزمەکان | | نرخی تائی هەژمارکراو |
|---|---|---|---|---|---|
| | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | |
| ١ | 3.4815 | 1.12217 | 1.9630 | 1.05544 | 5.122 |
| ٢ | 4.1111 | .57735 | 2.4815 | 1.18874 | 6.408 |
| ٣ | 3.5185 | .70002 | 1.9259 | .91676 | 7.174 |
| ٤ | 3.8519 | .45605 | 2.5926 | 1.18514 | 5.153 |
| ٥ | 3.6667 | .78446 | 1.6667 | .67937 | 10.014 |
| ٦ | 3.7037 | .91209 | 2.8148 | 1.44214 | 2.707 |
| ٧ | 3.9259 | .54954 | 1.5556 | .80064 | 12.683 |
| ٨ | 3.5926 | 1.00992 | 1.9259 | 1.23805 | 5.420 |
| ٩ | 3.8519 | .66238 | 2.1852 | 1.00142 | 7.213 |
| ١٠ | 3.6296 | 1.00568 | 1.9630 | .89792 | 6.424 |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| 7.733 | .81824 | 1.8519 | .80064 | 3.5556 | ١١ |
| 6.000 | 1.04323 | 2.3704 | .80064 | 3.8889 | ١٢ |
| 9.739 | .93370 | 2.1111 | .47442 | 4.0741 | ١٣ |
| 9.616 | .90267 | 1.7407 | .59437 | 3.7407 | ١٤ |
| 11.994 | .80064 | 1.7778 | .47442 | 3.9259 | ١٥ |
| 12.958 | .84732 | 1.5556 | .54954 | 4.0741 | ١٦ |
| 4.474 | 1.45688 | 2.7407 | .64051 | 4.1111 | ١٧ |
| 3.450 | 1.51723 | 2.9259 | .70610 | 4.0370 | ١٨ |
| 4.300 | 1.43322 | 2.8519 | .73574 | 4.1852 | ١٩ |
| 8.049 | 1.15962 | 1.9630 | .62017 | 4.0000 | ٢٠ |
| 12.024 | .63605 | 1.5926 | .69798 | 3.7778 | ٢١ |
| 6.566 | 1.14479 | 1.8148 | 1.05003 | 3.7778 | ٢٢ |
| 8.009 | .57735 | 1.4444 | 1.18874 | 3.4815 | ٢٣ |
| 11.392 | .83887 | 1.6296 | .50637 | 3.7778 | ٢٤ |
| 7.551 | 1.07550 | 2.1852 | .72991 | 4.0741 | ٢٥ |
| 10.485 | .86890 | 1.7037 | .70610 | 3.9630 | ٢٦ |
| 11.200 | .69798 | 1.7778 | .66238 | 3.8519 | ٢٧ |
| 6.959 | 1.14105 | 2.0741 | .62247 | 3.8148 | ٢٨ |
| 7.036 | .62929 | 1.6296 | 1.15223 | 3.4074 | ٢٩ |
| 9.880 | .63605 | 1.4074 | .93370 | 3.5556 | ٣٠ |
| 14.849 | .57735 | 1.4444 | .57735 | 3.7778 | ٣١ |
| 7.061 | .92141 | 1.8148 | .96668 | 3.6296 | ٣٢ |
| 7.126 | 1.00000 | 2.0000 | .90739 | 3.8519 | ٣٣ |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ٣٤ | 3.7407 | .85901 | 1.7407 | .81300 | 8.787 |
| ٣٥ | 3.9259 | .67516 | 1.7407 | .71213 | 11.571 |
| ٣٦ | 3.8519 | .81824 | 2.0741 | 1.07152 | 6.852 |
| ٣٧ | 3.9259 | .47442 | 1.7407 | .76423 | 12.623 |
| ٣٨ | 3.8889 | .64051 | 1.7037 | .77533 | 11.290 |
| ٣٩ | 3.8148 | .62247 | 2.1481 | .94883 | 7.632 |
| ٤٠ | 3.8519 | .76980 | 2.1852 | 1.30198 | 5.726 |
| ٤١ | 3.6296 | .96668 | 1.4444 | .57735 | 10.084 |
| ٤٢ | 3.8889 | .75107 | 1.8519 | .94883 | 8.747 |
| ٤٣ | 4.0000 | .67937 | 1.6296 | .68770 | 12.741 |

**٢.٦.٣پەیوەندی نمرەی هەر برگەیەك بە نمرەی گشتی پێوەرەکە:**

بەمەبەســـتی دیاریکردنی پەیوەندی نمرەی هەر برگەیەك بە نمرەی گشـــتی پێوەری تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان و پەیوەندی بەڕەفتاری ئەرێنییەوە ، توێژەران بەبەکارهێنانی هەگبەی ئاماری بۆ زانســـتە کۆمەڵایەتییەکان (SPSS)هاوکۆلکەی پەیوەندی پێرســۆن(person) ی لەنێوان برگەکانی پێوەرەکە بە کۆی گشـــتی پێوەرەکە دۆزیەوە. لە ئەنجامدا دەرکەوت، کە ســـەرجەم برگەکانی پێوەرەکە بەڵگەداری ئاماریان هەبوو لە ئاستی بەڵگەداری (0.05) ، وەك لە خشتەی ژمارە (٤) دیارە.

خشتەی (٤): هاوکۆلکەی پەیوەندی نمرەی هەر برگەیەك بە کۆی گشتی نمرەکانی پێوەری

| ژ.برگە | بەهای پەیوەندی پێرسۆن بەکۆی گشتی پێوانەکە | ئاستی بەڵگەداری | ژ.برگە | بەهای پەیوەندی پێرسۆن بەکۆی گشتی پێوانەکە | ئاستی بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | .723** | 0.000 | ٢٣ | .350** | 0.010 |
| ٢ | .523** | 0.000 | ٢٤ | .439** | 0.001 |
| ٣ | .448** | 0.001 | ٢٥ | .475** | 0.000 |
| ٤ | .383** | 0.004 | ٢٦ | .541** | 0.000 |
| ٥ | .562** | 0.000 | ٢٧ | .415** | 0.002 |
| ٦ | .283** | 0.033 | ٢٨ | .284* | 0.038 |
| ٧ | .561** | 0.000 | ٢٩ | .353** | 0.009 |
| ٨ | .381** | 0.005 | ٣٠ | .470** | 0.00 |
| ٩ | .339* | 0.012 | ٣١ | .503** | 0.000 |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| 0.037 | .279 | ٣٢ | 0.000 | .462** | ١٠ |
| 0.004 | .385** | ٣٣ | 0.001 | .443** | ١١ |
| 0.001 | .427** | ٣٤ | 0.000 | .547** | ١٢ |
| 0.000 | .631** | ٣٥ | 0.000 | .479** | ١٣ |
| 0.008 | .355** | ٣٦ | 0.000 | .544** | ١٤ |
| 0.000 | .511** | ٣٧ | 0.000 | .516** | ١٥ |
| 0.000 | .533** | ٣٨ | 0.000 | .561** | ١٦ |
| 0.006 | .366** | ٣٩ | 0.032 | .286 | ١٧ |
| 0.035 | .287* | ٤٠ | 0.031 | .297 | ١٨ |
| 0.000 | .516** | ٤١ | 0.039 | .279 | ١٩ |
| 0.004 | .386** | ٤٢ | 0.001 | .441** | ٢٠ |
| 0.000 | .500** | ٤٣ | 0.000 | .635** | ٢١ |
| | | | 0.003 | .397** | ٢٢ |

**٧.٣جێگیری ئامرازەکە:**

مەبەســـت لە جێگیری هەر پێوەرێك ئەوەیە، ئەگەر پێوەرێك بەســـەر کۆمەڵێك تاکدا جێبەجێ کراو چاودێری نمرەکانی هەرتاکێك بکرێت تیایدا.وە دووبارە پێوانەکەبەســـەر هەمان تاکەکانی ئەو گروپەدا لەهەمان بارودۆخدا دووبارە کرایەوە و هەمان ئەنجام دەســـت کەوت، ئەوا دەردەکەوێت پێوەرەکە بەتەواوی جێگیرە(الحموز،218:2004) توێژەربۆدیاریکردنی جێگیری پێوانەکەی چەندرێگەیەکی بەکار هێنا وەك:-

**یەکەم: رێگەی تاقیکردنەوە ودووبارە تاقیکردنەوە:**

لەم رێگەیەدا ئامرازی توێژینەوەکە دوو جار بەسەر هەمان سامپڵدا جێبەجێ دەکرێتەوە، بەمەرجێك ماوەی زەمەنیان لە(٢١)ڕۆژ کەمتر نەبێت ،دواتر ئەو هاوکۆلکە پەیوەندییەی دەستمان دەکەوێت رادەی جێگیری پێوانەکە نیشان دەدات،جێگیری پێوانەکە بەشێوازی(Test-retest)ئاشکرا کرا،بۆجاری یەکەم لەرێکەوتی(٦-٤-٢٠٢٥)پێوانەکە بەسەر(٢٠)مامۆستادا جێبەجێکرا،کە بەشێك بوون لەکۆمەڵگەی توێژینەوە کەپێك هاتبوون لەرەگەزی نێرو مێ ، دوای تێپەربوونی (٢١)ڕۆژ لەرێکەوتی(٤-٥-٢٠٢٥)دووبارە پێوانەکە لەسەر هەمان نموونە جێبەجێکرایەوە دواتر پەیوەندی لەنێوان ئەنجامی یەکەم ودووەم لەرێگەی هاوکۆلکەی پەیوەندی پێرسۆن(person)دۆزرایەوە،لەئەنجامدا دەرکەوت بەهای پەیوەندی نێوان ئەنجامدانی یەکەم ودووەم بریتیە لە(**0.827)ئەمەش پەیوەندیەکی بەهێزەو ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە جێگیری پێوانەکە بەرزە،هەروەك لە خشتەی(٥)ڕوونکراوەتەوە.

خشتەی (٥): هاوکۆلکەی جێگیری بۆ پێوەری

| جێ بەجێکردن | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | هاوکۆلکەی جێگیری |
|---|---|---|---|
| یەکەم | 124.35 | 36.16 | 0.827** |
| دووەم | 112.65 | 34.31 | |

**دووەم: ڕێگەی ئەلفا-کرۆنباخ:**

توێژەر جێگیری پێوانەکەی بەڕێگەی ئەلفا کرۆنباخ دۆزیەوە،کەیەکێکە لەڕێگەکانی دیاریکردنی گونجاندنی ناوەکی،پاش جێبەجێکردنی پێوانەکە بەسەر(٤٠) مامۆستای نموونەی سەرەتایی دەرکەوت ، ڕێژەی جێگیری پێوانەکە بریتیە لە( **0.873) ئەمەش جێگیرییەکی بەرزە.

**٨.٣ ئامرازە ئاماریەکان:**

سود لە پرۆگرامی (SPSS) هەگبەی ئاماری بۆ زانستە کۆمەڵایەتیەکان ڤێرژنی (٢٥) وەرگیراوە بۆ بەکار هێنانی ئەم ئامرازە ئاماریانەی خوارەوە:

هاوکۆلکەی پەیوەندی پێرسۆن بۆ ئەژمارکردنی جێگیری بەڕێگەی دووبارەجێبەجێکردن و ڕاستگۆی بونیادنان و دۆزینەوەی پەیوەندی نێوان گۆڕاوەکان بەکار هات،ئەلفای کرۆنباغ (Cronbach's Alpha) بۆ دۆزینەوەی جیگیری پێوەرەکە،بەکار هێنانی (Independent Sample T-Test) بۆدۆزینەوەی توانای جیاکاری بڕگەکان لەنێوان نمرە بەرز ونزمەکاندا،تاقیکردنەوەی (t) تائی بۆ دوو نموونەی سەربەست (Independent Sample T-Test) تاقیکردنەوەی (t) بۆیەك نموونە ( One Sample T-Test) ، بەکارهێنانی هاوکێشەی ئەنۆڤا (One way ANOVA)

1. تاقیکردنەوەی(t)بۆیەك نموونە(One Sample T-Test).

$$T.test = \frac{\bar{x}+M}{\frac{A}{\sqrt{N}}}$$

2. تاقیکردنەوەی(t)تائی بۆ دوو نموونەی سەربەست(Independent Sample T-Test)

$$T.test = \frac{X_1 + X_2}{\sqrt{\frac{(n_1-1)A_1^2}{n_1+n_2-2} + \frac{(n_2-1)A_2^2}{n_1+n_2-2} * \left(\frac{1}{n_1}+\frac{1}{n_2}\right)}}$$

3. هاوکێشەی ئەنۆڤا(One way ANOVA).

$$SS = \sum (X - X^{-})^2 = \sum X^2 - \frac{(\sum X)^2}{N}$$

4. هاوکۆلکەی پەیوەندی پێرسۆن (Person Correlation Coefficient)

$$r = \frac{\sum XY - \frac{(\sum x)(\sum y)}{n}}{\sqrt{\left[\sum_X 2 - \frac{(\sum X)^2}{n}\right] * \left[\sum_Y 2 - \frac{(\sum Y)^2}{n}\right]}}$$

5. ئەلفا-کرۆنباخ (Alpha Cranach's)

$$A = \left(\frac{K}{K-1}\right) * \left(1 - \frac{\sum_i^k = 1\, S_i^2}{S_t^2}\right)$$ (Mohammed,2025:88)

**بەشی چوارەم**

**خستنەڕووی ئەنجامەکان و شیکردنەوەیان**

**٤.١ ئامانجی یەکەم: زانینی ئاستی بەکارهێنانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان و پەیوەندی بەڕەفتاری ئەرێنییەوە لای منداڵانی باخچە لەڕوانگەی مامۆستایانەوە.**

دوای کۆکردنەوەی داتاکان و بەکارهێنانی بەرنامەی(SPSS)و ئامرازی ئاماری(One Sample T-Test) بۆ بەراوردکردنی ناوەندی ژمێرەیی نموونەی توێژینەوەکە بەناوەندی گریمانەیی پێوانەکە،لەئەنجامدا دەرکەوت، کەناوەندی ژمێرەیی بریتیەلە(139.82)بەرزترە لە ناوەندی گریمانەیی پێوانەکە، کەبریتی بوو لە(129)بەلادانی پێوەری(32.88)،هەروەها دەرکەوت، کەبەهای (t)بریتییە لە(3.130) لەئاستی بەڵگەداری(0.05)،هەروەك لەخشتەی(٦) ڕوونکراوەتەوە.واتە جیاوازی بەڵگەداری ئاماری بەدیدەکرێت و ناوەندی ژمێرەیی گەورەترە لەناوەندی گریمانەیی. ئەمەش ئەوە دەردەخات،کە تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان و پەیوەندی بەڕەفتاری ئەرێنییەوە لەئاستێکی باشدایە.

**خشتەی (٦)**

**ئاستی بەکارهێنانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان و پەیوەندی بەڕەفتاری ئەرێنییەوە**

| نموونە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | نمرەی ئازادی | بەهای تائی | | ئاستی بەڵگەداری 0.05 |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | هەژمارکراو | خشتەیی | |
| 454 | **139.82** | **32.88** | 453 | 3.130 | 1.96 | بەڵگەدارە |

**٤.٢ ئامانجی دووەم : زانینی ئاستی بەکارهێنانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان و پەیوەندی بەڕەفتاری ئەرێنییەوە لای منداڵانی باخچە لەڕوانگەی مامۆستایانەوە بەپێی گۆڕاوەکانی جۆری باخچە.**

دوای شیکردنەوەی داتاکان بە بەکارهێنانی ئامرازی ئاماری(Independent Sample T-Test)لەئەنجامدا دەرکەوت،کەناوەندی ژمێرەیی ئاستی بەکارهێنانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان و پەیوەندی بەرەفتاری ئەرێنییەوە لای باخچە حکومییەکان بریتییە لە(141.63) بەلادانی پێوەری (33.602)،بەڵام لای مامۆستایانی باخچەی ناحکومی ناوەندی ژمێرەیی گەیشتە(134.74) و بەلادانی پێوەری(30.34)هەروەها بەهای(t)بریتییە لە(2.067) لەئاستی بەڵگەداری(0.05)بەنمرەی ئازادی(452) هەروەك لەخشتەی(٧)ڕوونکراوەتەوە. لێرەدا دەردەکەوێت بەپێی گۆڕاوی جۆری باخچە بەڵگەداری ئاماری ئاستی بەکارهێنانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان و پەیوەندی بەرەفتاری ئەرێنییەوە بەدی دەکرێت جیاوازییەکە لەبەرژەوەندی باخچەی حکومییە.

خشتەی (٧):ئاستی بەکارهێنانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان و پەیوەندی بەرەفتاری ئەرێنییەوە بەپێی بەکارهێنانی بەجیاوازی جۆری باخچە

| جۆری باخچە | ژمارە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | نمرەی ئازادی | بەهای تائی | | ئاستی بەڵگەداری 0.05 |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | هەژمارکراو | خشتەیی | |
| حکومی | 335 | 141.63 | 33.602 | 452 | 2.067 | 1.96 | بەڵگەدارە |
| ناحکومی | 119 | 134.74 | 30.34 | | | | |

**٣.٤ ئامانجی سێهەم: زانینی ئاستی بەکارهێنانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان و پەیوەندی بەرەفتاری ئەرێنییەوە لای منداڵانی باخچە لەڕوانگەی مامۆستایانەوە بەپێی کاتژمێری بەکارهێنان.**

دوای شیکردنەوەی داتاکان بە بەکارهێنانی ئامرازی ئاماری(Independent Sample T-Test)لەئەنجامدا دەرکەوت،کەناوەندی ژمێرەیی ئاستی بەکارهێنانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان و پەیوەندی بەرەفتاری ئەرێنییەوە بەپێی کاتژمێری بەکارهێنان(١-٣ کاتژمێر) بریتییە لە(139.82) بەلادانی پێوەری (32.88)،بەڵام بەپێی کاتژمێری بەکارهێنان(٤ – ٦ کاتژمێر) گەیشتە(129.42) و بەلادانی پێوەری(37.35)هەروەها بەهای(t)بریتییە لە(4.455) لەئاستی بەڵگەداری(0.05)بەنمرەی ئازادی(452) هەروەك لەخشتەی(١٠)ڕوونکراوەتەوە. لێرەدا دەردەکەوێت بەپێی گۆڕاوی جۆری باخچە بەڵگەداری ئاماری ئاستی بەکارهێنانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان و پەیوەندی بەرەفتاری ئەرێنییەوە بەدی دەکرێت جیاوازییەکە لەبەرژەوەندی بەکارهێنانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان و پەیوەندی بەرەفتاری ئەرێنییەوە بەپێی کاتژمێری بەکارهێنان(١-٣ کاتژمێر) .

خشتەی (١٠):

ئاستی بەکارهێنانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان و پەیوەندی بەڕەفتاری ئەرێنییەوە بەپێی کاتژمێری بەکارهێنان

| کاتژمێری بەکارهێنان | ژمارەی نموونە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | نمرەی ئازاد | بەهای تائی | | ئاستی بەڵگەداری ئاماری 0.05 |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | هەژمارکراو | خشتەیی | |
| ٣-١ کاتژمێر | 454 | 139.82 | 32.88 | 452 | 4.455 | 1.96 | بەڵگەدارە |
| ٦-٤ کاتژمێر | 454 | 129.42 | 37.35 | | | | |

**ڕاسپاردەکان**

لەبەر ڕۆشنایی ئەنجام ودەرئەنجامی توێژینەوەکە،توێژەر ئەم ڕاسپاردانەی خوارەوە دەخاتە ڕوو:

١- پێویستی گرنگی پێدانی وەزارەتی پەروەردە بە دابینکردنی تەکنەلۆجیای فیرکاری سەردەم لە باخچەکانی منداڵاندا .

٢- دەرکردنی ڕینمایی و یاسای نوێ و تایبەت بە شێوازی مامەڵەکردنی منداڵان لەگەڵ ئامێرە زیرەکەکان وتۆڕەکۆمەڵایەتیەکان بۆ منداڵانی قۆناغی سەرەتایی،لە لایەن وەزارەتی پەروەردەو لایەنی پەیوەندی دار.

٣-کردنەوەی خوولی تایبەت بۆ مامۆستیانی باخچەی منداڵان سەبارەت بە بەکارهێنانی تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان سوود وەرگرتنیان وەک هۆکاریکی فێرکاری سەردەم بۆ وانەوتنەوە.

٤- دانانی پلاتفۆرمی تایبەت بۆ قۆناغی باخچە و سەرەتایی بۆ ئاشناکردنی منداڵان بە زانیاری پێویست وسوود ورگرتن لێی وەک هۆکارێکی پەروەردەیی و فێرکاری وکۆمەڵایەتی.

**پێشنیارەکان**

لەبەر ڕۆشنایی ئەنجامەکانی توێژینەوەکە وڕاسپاردەکانەوە توێژەر پێشنیاری ئەنجامدانی ئەم توێژینەوانەی خستەڕوو:

١- ئەنجام دانی توێژینەوەیەکی هاوشێوە بە گۆڕاوی جیاوازی وەک (پسپۆڕی،باری کۆمەڵایەتی،خولی ڕاهێنان،....)لای مامۆستایان.

٢-ئەنجامدانی توێژینەوەیەکی هاوشێوە لە شارەکانی دیکەی هەرێمی کوردستان وە فراوانکردنی نموونەی توێژینەوەکە.

٤-ئەنجامدانی توێژینەوەلەسەرتۆڕەکۆمەڵایەتیەکان وپاڵنەری فێربوون لای منداڵان بە بەکارهێنانی وێنەو ڤیدیۆی گونجاو بە پێی تەمەنیان.

**سەرچاوەکان**

**سەرچاوە کوردییەکان:**


- بكار،عبدالكرى(٢٠١٩).منداڵەکانمان و تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان(ب،حامد،وەرگێر.).ناوەندی ڕاگەیاندنی ئارا.(چاپی ڕەسەنی لە ساڵی ٢٠١٧)

- بۆکانی،سابیر بەکر(٢٠١٦):میتۆدی توێژینەوەی زانستی،خانەی چاپ و بڵاوکراوەی چوارچرا،چاپی یەکەم،سلێمانی.

- حسێن،کارزان جەمال(2023):کاریگەری فلیم کارتۆنی دۆبلاژکراو لە گەشەپێکردنی بەها پەروەردەییەکان لای منداڵانی باخچە لە ڕوانگەی دایک و باوکانەوە،کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت،زانکۆی سلێمانی،سلێمانی.

- حمە ئەمین،خەندە علی(2023):کاریگەری بەکارهێنانی ڕاگەیاندنی پەروەردەیی لەسەر ئاشناکردنی منداڵان بە مافەکانیان لە باخچەکانی شاری سلێمانی،نامەی ماستەری بڵاوکراوە،کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت،زانکۆی سلێمانی،سلێمانی.

- قادر،ئەڤین خالید(٢٠٢٣):خێزان و ئاڵنگارییە کۆمەلایەتییەکانی ڕاگەیاندن تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان بە نموونە توێژینەوەیەکی مەیدانییە لە شاری سلێمانی،کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان،زانکۆی سلێمانی،سلێمانی.

- کەریم، شاهۆ خوارەحم(2023): ئاستی بەکارهێنانی ئامرازە نوێیەکانی ڕاگەیاندن لە وانەوتنەوەدا لای مامۆستایانی باخچە لە شاری سلێمانیدا،نامەیەکی ماستەری بڵاوکراوە،کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت،زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

- مەنسور،محمد محمود(2023):پەیوەندی نێوان بەکارهێنانی تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان و ڕەفتاری شەڕانگێزی(خوێندکارانی ئامادەییەکانی شاری سلێمانی بە نمونە)،کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان،زانکۆی سلێمانی،سلێمانی.


**سەرچاوە عەرەبیەکان:**


- البسيسي,لولوة علي.(2020). تأثيرمشاهرالتواصل الاجتماعي علسلون الاطفال :دراسة ميدانية على عينة من الاباء و الامهات بمدينة جدة: برنامج سناب شات و اليوتيوب نموذجا(رسالة ماجستر).جامعة الملك عبدالعزيز،المملكة عربية السعودية.
- جودة،محفوظ(٢٠٠٨):**التحليل الإحصائي الاساسي باستخدامSpss**،ط١،دار وائل للنشر،الأاردن،عمان.
- الحموز،احمد محمود(٢٠٠٤):**تصميم التدريس**،دار وائل،عمان.
- خديجة,خادم الله وقماري,روميصاد(2020):استخدام التلاميذ الثانوية لموقع التواصل الاجتماعى التيك توك,رسالة الماجستر,كلية العلوم الاجتماعية والانسانية,قسم العلوم الانسانية.جامعة الشهيد حمدلخضر,الودي -الجزائر.
- الديب,راندا مصطفي, عميرة,حمدي عزالعرب.(2020)**. برنامج ارشادي لتنمية الوعي الغذائي لدي امهات اطفال الروضة قائم علي بعض مواقع التواصل الاجتماعي.(رسالة الدكتورا)**,كلية تربية ,جامعة سهاج.

- الزناتي، منار محمد.(2020). دور رياض الأطفال فى تنمية المسئولية الاجتماعية لدى طفل الروضة فى ضوء المتغيرات المعاصرة المتغيرات المعاصرة,رسالة الماجستر,كلية رياض الاطفال ,جامعةبورسعيد.
- العامري,مساعد مسفر محمد.(2022).الاسرة و دوروها في تعزيز السلوك الاجابي لدي عينة من طلاب المرحلة الثانوية بمحافضة العرضيات .(رسالة ماجستر). جامعة الملك عبدالعزيز,المملكة السعودية.
- عبدالرحمن،سعد(١٩٩٨):**القياس النفسي- النضرية و التطبيق**،ط٢،القاهرة،دار الفكر العربي.
- العثمان،باسم عبدالعزيز عمر(٢٠٠٩):**مناهج البحث الجغرافي و تطبيقاتها في الجغرافيا البشرية**،ط١،دار السياب للطباعة و النشر و التوزيع،الأردن.
- العطيات,احلام فليح حسن.(2018).اثر استخدام اليوتيوب في تعليم مهارة النطق الصحيح للغة الانجليزية لدي اطفال الروضة في المدارس الخاصة بمحافضة العاصمة عمان.كلية العلوم التربوية,جامعة الشرق الاوسط.
- الغزي,حسين عبد الامير حسوني.(2021). مواقع التواصل الاجتماعيو علاقتها باالتعرض للقنوات التلفزيونية في العراق.(رسالة الدكتورا).جامعة المنصورة,العراق
- محمدي,ايهاب سعد,(2019).اثر التطبيقات التكنلوجية علي النمو المعرفي لطفل الروضة.مجلة كلية التربية النوعية للدراسات التربوية و النوعية.
- المغريبى,الطاهرةمحمود.(2020).فاعلية برنامج العلاج السلوكي الإدراكي في تطوير السلوك الإيجابي بين عينة من أطفال مرحلة ما قبل المدرسة (من 4 إلى 6 سنوات).كلية الاداب قسم,جامعةالقاهرة.
- المقاطي,منيرة سعيد.(2018).السلوك الاجابي في التعليم.شبكة الالوكة قسم الكتب.
- منصور,حسام.(2022).شبكات التواصل الاجتماعى مدخل نضرى لفهم الاجابيات و السلبيات .بجامعة مصراتة-ليبيا.

**سەرچاوە ئینگلیزیەکان:**

-Chaudhry, Abdul Qayyum.(2013).A study of Social Devlopment of Childrenat Elementary Level. Journal of Education and Practice.2222-1735.

Ebel, R, L(1972):Essentials of Educational Measurement,New Jersey,Engle Wood Cliffs Prentice-Hall.

-Kaplan, A. M.,& Haenlein, M.(2010).Users of the world, Unite! The challenges and opportunities of social media. Business Horizons, 53(1), 59-68.

-Marcone, Roberto & della Monica, Ciro.(2015). Friendship competence in kindergarten and primary school children. European Journal of Devlopmental Psychology. 12. 412-428.

-Mishra, M. (2017). Impact of Social Media on Children and Teenagers.Innovation The Research Concept.2456-5474.

Mohammed, S. J. (2025). ئالودەبوون بەتۆڕەکۆمەڵایەتییەکان و پەیوەندی بەرێکخستنی خود لای خوێندکارانی زانکۆی سلێمانی.Journal of University of Human Development, 11(1), 83-94.

Özkan Sapsağlam. (2018). Social media awareness and usage in preschool children. International journal of Eurasia social sciences, 9(31), 728-746.

Taprial, V. and Kanwar, P. (2012) Understanding social media. Bookboon, London.

پاشکۆی ژمارە(١):ناوی پسپۆڕان وشارەزایان بۆ هەڵسەنگاندنی برگەکان

| ژ | ناوی پسپۆڕ | پسپۆڕی | شوێنی کارکردن |
|---|---|---|---|
| ١ | پ.د.جواد نعمت حسين | پەروەردەی هونەر | زانکۆی سلێمانی/کۆلێجی پەوەردەی بنەڕەت |
| ٢ | پ.د.نیان نامق صابر | فەلسەفەی پەروەردە | زانکۆی سلێمانی/کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت |
| ٣ | پ .ی.د. کریم احمد عزیز | پەروەردەی دەروونناسی / ڕێگاکانی وانەوتنەوە | زانکۆی گەرمیان/ کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت |
| ٤ | پ.ی.د.ڕزگار حمەلاوخالد | ڕێگاکانی وانەوتنەوە | زانکۆی سلێمانی/ کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت |
| ٥ | پ.ی.د.ایناس احمد عزیم | سایکۆلۆژیای کلینیکی | زانکۆی سلێمانی/کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت |
| ٦ | پ.ی.د.گۆران ابراهیم صالح | مێژووی هاوچەرخ | زانکۆی سلێمانی کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت |
| ٧ | پ.ی.د.عبدالصمد احمد محمد | دەروونزانی پەروەردەیی | زانکۆی سلێمانی/کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت |
| ٨ | پ.ی.د.کارزان محمد عارف | ڕێگاکانی وانە ووتنەوە | زانکۆی سلێمانی/کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت |
| ٩ | پ.ی.د.نزیرە صالح محمد | پەروەردەی تایبەت | زانکۆی سلێمانی/کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت |
| ١٠ | م.ی .سەرکەوت جمال محمد | ڕێگاکانی وانەوتنەوە | زانکۆی سلێمانی/کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت |

**استخدام شبكات التواصل الاجتماعي وعلاقتها بالسلوك الايجابي لدى اطفال الروضة الحكومية والأهلية(غيرالحكومية)من وجهة نظر المعلمات في مدينة السليمانية**

**ملخص البحث**

يهدف هذا البحث إلى معرفة مستوى استخدام شبكات التواصل الاجتماعي وعلاقتها بالسلوك الإيجابي لدى أطفال الروضة من وجهة نظر المعليمات فى مدينةالسليمانية وفقاً لساعات الاستخدام، والفرق بين الرياض (الحكومية والخاصة). يتكون مجتمع البحث من جميع معلمي ومعلمات الرياض الحكومية والخاصة في السليمانية للعام الدراسي 2024-2025. بلغ عدد المعلمين 1,408 منهم 156 معلماً ذكراً و1,252 معلمة أنثى. تم اختيار عينة من 454 معلماً ومعلمة من كلا الجنسين من خلال العينة العشوائية البسيطة، والأداة المستخدمة كانت مقياس يقيس (استخدام وسائل التواصل الاجتماعي والسلوك الإيجابي). أهم الأدوات الإحصائية المستخدمة هي SPSS (الإصدار 25)، معامل ارتباط بيرسون وموثوقية البناء وإيجاد العلاقة بين المتغيرات، ألفا كرونباخ، اختبار T لعينة مستقلة، اختبار T لعينة مستقلة، اختبار T لعينة مستقلة، اختبار T لعينة واحدة، واستخدام تحليل التباين الأحادي .(ANOVA) استخدم الباحثون أداة استبيان لجمع البيانات، والتي تتكون من 45 عنصرًا. نتيجة لذلك، وُجد أن استخدام الشبكات الاجتماعية والعلاقة بين السلوك الإيجابي لدى أطفال رياض الأطفال من وجهة نظر المعلمين بناءً على الاستخدام من (1-3 ساعات) هو عند مستوى جيد، وهناك فرق إحصائي في مستوى استخدام وسائل التواصل الاجتماعي والعلاقة مع السلوك الإيجابي وفقاً لمتغيرات نوع رياض الأطفال. بالإضافة إلى ذلك، يوجد اختلاف إحصائي في مستوى استخدام وسائل التواصل الاجتماعي وعلاقته بالسلوك الإيجابي، اعتمادًا على نوع رياض الأطفال. من منظور المعلمين، فإن استخدام أطفال رياض الأطفال لوسائل التواصل الاجتماعي فيما يتعلق بالسلوك الإيجابي منخفض، حيث يقضون حوالي 4-6 ساعات عليها.

**الكلمات المفتاحية**: وسائل التواصل الاجتماعي، السلوك الإيجابي، الروضة، أطفال الروضة، الطفل

sjh@univsul.edu.iq

using social media and it's relation with positive behavior in kindergarten children(public and private) in teachers perspective in Sulaymaniyah

**Abstract**

The aim of this study is to find out the level of social media use and its relationship with positive behavior among kindergarten children from the teachers' point of view according to the hours of use, and the difference between kindergartens (public and private). The research population consists of all teachers of public and private kindergartens in Sulaimaniyah for the academic year 2024-2025. The number of teachers is 1,408 out of that 156 being male teachers and 1,252 female teachers. A sample of 454 teachers, from both genders, was selected through simple random sampling, and the tool used was a scale measuring( social media usage and positive behavior) .The main statistical tools used are SPSS (version 25), Pearson correlation, construct reliability, and finding the relationship between variables, Cronbach's alpha, independent sample T-test, independent sample T-test, independent sample T-test, one-sample T-test, and using one-way ANOVA. The researchers used a questionnaire tool for data collection, which consists of 45 items. As a result, it was found that the use of social networks and the relationship with positive behavior in kindergarten children from the teachers' perspective based on usage of (1-3 hours) is at a good level. Additionally, there is a statistical difference in the level of social media usage and its relationship with positive behavior, depending on the type of kindergarten. From the teachers' perspective, kindergarten children's use of social media in relation to positive behavior is low, as they spend approximately 4-6 hours on it.

**Keywords**: Social Media, Positive Behavior, Kindergarten, Children in kindergarten, Child.